# پەرەسەندنی کوشتنی ژنان لە کوردستان

هانا شـــوان



**شەپۆلی هێرشی داب و نەریت بۆ سەر ژنان، بە ناوی کڕینەوەی شەرەف و پاراستنی ناموسەوە، تا ئەمرۆکە هیچ شتێك نەیتوانیوە بەری پێبگرێت**

سەردەمانێکە پاش راپەڕین مەسەلەی کوشتنی ژنان بەزۆر شێوە خۆی لەسەر ئاستی راگەیاندن‌و کاری هەندێك لە رێکخراوەکان بەیان کردوە، بەڵام خودی کردەکە (کوشتنەکە) هەر بەردەوام بووەو شەپۆلی هێرشی داب‌ونەریت بۆ سەر ژنان، بەناوی کڕینەوەی شەرەف‌و پاراستنی ناموسەوە، تا ئەمرۆکە هیچ شتێك نەیتوانیوە بەری پێبگرێت، بە پێچەوانەوە لەم سەردەمەدا بارودۆخێکی ئابووری، سیاسی، یاسایی، خێڵەکی وا خوڵقاوە تەواو یاری کردن بەژیان‌و چارەنووسی میللەت بە گشتی‌و ژنان بە تایبەتی هەرمێن کردوە، کەسیش دەنگی لێوە نایەت ...

## کوشتنی ژنان‌و یاسا

لە سەرجەم بوارەکانداو لە دوای راپەڕینەوە کار بە یاساکانی حکومەتی عیراقی کراوەو لە پەیوەند بە کوشتنی ژنیشەوەو لە یاسای عێراقیدا ئەگەر ژنێك لەلایەن کەسە نزیکەکانی، بەبیانووی بەرگریکردن لەشەرەف بکوژرێت، ئەوا سزایەکی سوککراوی دەدرێت کەلە چەند مانگێك زیاتر نەبێت، لە دوای راپەڕینیشەوە کار بەو یاسایە کراوە تا ساڵی ٢٠٠٠ کە بڕیاری (٥٩) دەرچووە، ئەو بڕیارەی لە شاری سلێمانیش جێبەجێ نەکرا، کە شوێنی دەرچوونی بوو، بەڵکو زۆرینەی ڕووداوی کوشتنەکانی دوای ئەوەیش تاوانبار دەستگیر نەدەکرا، چونکە ئەو تاوانبارانە جەستەو دەم‌و چاوی قوربانیەکانیان دەشێواندو لە شوێنی جیاواز فرێیان دەدان، هەربۆیە زۆرینەی تەرمی ئەو ژنانەی دەدۆزرانەوە شێوێنرابوون یا سوتێنرابوون دوور لە ناوچەی خۆیان فڕێ دەدران، ئیدی نەدەناسرانەوەو کەسیش دەستگیر نەدەکرا، ئەگەر تاوانبارێکیش دەستگیر بکرایە، ئەوە بە تاوانی کوشتنی ئەنقەست تاوانبار دەکراو ئەو سزایەی بەسەردا دەدرا کەلە یاسا عێراقیەکەدا بۆ کوشتنی ئەنقەست دانرابوو، نەك بڕیاری ٥٩، ئەو تاوانبارانەش لە پەنجەی دەست کەمترن‌و ژنە کوژراوەکانیش دەیەها، ئەوەی مایەی گەشبینیە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی داناوە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژیەکانی دژ بە ژنان، بۆ ئەوەی بەدوادا چوونی خێرا بکات بۆ کێشەکانی تایبەت بە توندوتیژی، هەروەها سەرۆك کۆمار لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ مەڵبەندەکانی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی لە مانگی حوزەیراندا، باسی لەوە کرد کە هەوڵ دەدرێت کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەسەلەیە بکرێت‌و راشکاوانە ئەوەی ڕاگەیاند، کە ئەگەر هەرکەسێك تۆمەتبار بێت لە نێو ڕیزەکانی ی.ن.ك، جگە لەوەی تەسلیمی دادگا دەکرێت، لە ڕیزی ئەو حزبەش دەردەکرێت کە ئەوەش زەنگێکی ئاگادار کردنەوە بوو بۆ ئەو تاوانبارانەی کەئەو کارانەیان کردوەو دەیکەن ...



## ژنە کوژراوەکان و پۆلیس

بە پێی ڕاپۆرتێك کە لە یەکێك لە ڕۆژنامە لۆکاڵیەکاندا لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاو بۆتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە نەخۆشخانەیەکی وەك نەخۆشخانەی گشتی رانیە دا، بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەکە هیچ مەوادێکی پشکنینیان نیەو تەرمێك کە دەدۆزرێتەوە لە ڕەوانەکردنی بۆ توب عەدلی سلێمانی زیاتری بۆ ناکرێت، یا هەر لە بنکەی پۆلیسەوە دەیکەنە نایلۆنەوەو بۆ توب عەدلی سلێمانی دەینێرن، ئەگەر شکات کرا، ئەوا لێکۆڵینەوە دەست پێدەکەن، ئەگەر کەسیش شکاتی نەبوو یا شایەد نەبوو، ئەوا فایلی ئەو کوشتنە دادەخرێت تا ئەو کاتەی شایەد دەبێت (کە هەر نابێت).

بێگومان ئەو ژنانە کە لەژێر ناوی پاراستنی شەرەفدا دەکوژرێن، کەس خۆی ناکا بە خاوەنی تەرمەکەو پاش ئەوەی ماوەیەك لە سەلاجەی توب عەدلی (سلێمانی یا هەولێر) بەڵگەنامەیەکی بۆ دەکەن‌و ژمارەیەکی دەدەنیٚ‌و لە قەبرستانێکی تایبەتی شارەوانی دەینێژن. حاڵەتی کوشتنیش هەیە کەپۆلیس هەر پێی نازانێت‌و دەشاردرێتەوە.

## کوشتنی ژنان و سوڵح

زۆرینەی ئەو ژنانەی کە دەکوژرێن، بێگومان لەلایەن کەسی نزیك باوك، برا، هاوسەر، مامەوە دەکوژرێن‌و دواتر بۆ ئەوەی کەس بەو کوشتنە دەستگیر نەکرێت، یا ئەگەر دەستگیرکرا کە ئەو دوو ئەگەرە زۆر لاوازترن لەوەی ببنە هۆکاری سوڵح، بەڵکو ئەگەری دروست بوونی دوژمنایەتی‌و خوێن ڕشتن بە تایبەت لەو حاڵەتانەدا کە ژن لەلایەن هاوسەر یا شوبرا یا ئامۆزاو خالۆزایەوە دەکوژرێت، ئەوا بە چەند دەفتەر دۆلارێك‌و کچێك یا دوو کچ سوڵح دەکەن. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ ژنێك بە ناوی (ب) لە رانیە بەبەرچاوی خەڵکەوەو لەسەر جادەکە براکەی کوشتی‌و ڕایکرد، دواتر لەگەڵ ماڵی مێردەکەی سوڵحیان کرد بە ١٠٠ هەزار دینارو کچێك، کچەکەیان دایەوە مێردی بەیان‌و کەس نقەی لێوە نەهات .

ئاشکرایە زانایان لەم بوارەدا ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانەو دەبێت بەویژدانەوە مامەڵە بکەن، ئەرکی ئەوان لەم قۆناغەدا شۆڕشگێرانەیە، هاوکات لەگەڵ ئەواندا ڕۆشنبیران، دەبێت ڕۆشنبیران بەدەر لە هەموو ئیعتباراتێك لە سەنگەرێکدا بجەنگن، ئەوەش لە پێناو سازدانی ریفۆرمێکی کۆمەڵایەتی، بەبەشداری هەمووان‌و لەپێناوی هەمووان.

## گروپێك مندالی دایك و خوشك کوژراو

مندالانی سێبەر ئەو مندالانەن کە بوونیان وەك سێبەرە، مەبەستم لەم مندالانە، ئەوانەن کەدایك بە پلەی یەکەم یا خوشك یا کەسێکی نزیکیان بە تۆمەتی شەرەف دەکوژرێت، کە هەندیٚ جار بەشدار یا بینەری کوشتنەکە دەبن، هەرکەسێك کە ئەگەر کۆمەڵناس یا دەروونناسیش نەبێت، دەزانێت کە ئەو گروپە لە مندالان سەراپای ژیانیان دەبێتە قەیران، لە هەموو مامەڵە کردنێکیاندا، لەگەڵ دەرەوەی خۆیان تووشی نەفرەتی دەرەوەو قەیرانی ناوەوە دەبنەوە، دەبێت لە ئایندەدا هەڵگری چ جۆرە کەسێتیەك بن، پرسیارە بیٚ وەڵامەکەش ئەوەیە ئەو مندالانە تاوانیان چییە؟ چیان بۆ بکرێت؟